# چاوپێداخشانەوەی یەکەم سیپارەی تەورات

پەیدابوون ١ — دەرچوون ١

بەردەوامین لە دیراسەتی تەورات. وەك دەزانی، تەورات یەکەم پەرتوکە لە نووسراوەکانی پێغەمبەران و دابەشەی پێنج سیپارە یاخود بەش کراوە. یەکەم سیپارە پێی دەوترێ پەیدابوون واتا سەرەتاکە. لە وانەی ڕابردووماندا، دیراسەتمان لە پەیدابوون تەواو کرد. بۆ ئێستاش، دەست بە دووەم بەشی تەورات دەکەین، کە پێی دەوترێ دەرچوون. سیپارەی دەرچوون ئەو باسە سەیر و سەرسوڕهێنەرە لەخۆ دەگرێ کە چۆن خودا گەلی ئیسرائیلی ڕزگار کرد لە بەند و کۆتییان لە خاکی میسر.

پێش ئەوەی بچینە ناو سیپارەی دەرچوون، با چاوپێداخشانەوەی بکەین لەوەی تا ئێستا لە یەکەم سیپارەی نووسراوە پیرۆزەکان خوێندوومانە. زۆر گرنگە کە زانیارێکی قوڵمان هەبێت لە سیپارەی پەیدابوون، چونکە بنەمای تێگەیشتنی سیپارەکانی ترە کە خودا بۆمانی دابین کردووە بۆ ئەوەی تێ بگەین و باوەڕ بێنین بە هەموو ئەوەی نووسراوە لە پەرتوکەکانی تری پێغەمبەرانی پاشتر.

یەکەم ئایەتی سیپارەی پەیدابوونت لەبیرە؟ دەڵێت: لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی بەدی هێنا. ئەمە گرنگە، لە سەرەتادا خودا... کاتێ هێشتا هیچ شتێك بوونی نەبوو — تەنها یەك بوونی هەبوو. ئەو یەکەش خودا بوو! پاشان، فێربووین کە چۆن خودا ملیۆنەها فریشتەی پیرۆزی درووست کرد، بە هێزی ووشە تاهەتاییەکەی و ڕۆحی پیرۆزی. خودا فریشتەکانی درووست کرد بۆ ئەوەی خزمەت و ستایشی بکەن تاهەتا. لەنێوان فریشتەکاندا یەك هەبوو کە زۆر دانا و جوان بوو. ئەویش لوسیفێر بوو، سەرکردەی فریشتەکان. بەڵام، نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت کە ڕۆژێك لوسیفێر دڵی پڕ شانازی بوو و قێزی بووەوە لە خودا لە دڵی خۆی. لوسیفێر و زورێك لە فریشتەکان دەستیان کرد بە دانانی پلانێك بۆ لابردنی خودا. بەڵام کەس ناتوانێ خودا لاببات. خودا ناتوانێت لەو کەسانە خۆش بێت کە یاخی دەبن دژی. لە دەرئەنجامی ئەوە، خودا لوسیفێر و فریشتە خراپەکارەکانی دەرکرد و ناوی لوسیفێری گۆڕی بۆ شەیتان، کە بە مانای دژ وەست دێت. لە پاش ئەوەی خودا شەیتان و فریشتەکانی دەرکرد، ئاگری دۆزەخی بۆیان درووست کرد. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە ڕۆژی دوایی، خودای ڕاستودرووست، شەیتان و هەموو ئەوانەی شوێنی دەکەون فڕێ دەداتە ناو ئەو ئاگرەوە.

پاشان خوێندمانەوە کە چۆن پەروەردگار خودا جیهانی بەدی هێنا بۆ ئەو خەڵکەی کە پلانی هەبوو بەدی بێنێ. مرۆڤ گرنگترین بوونەوەرە لەنێوان ئەوانەی کە خودا بەدی هێناون، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەسەر وێنەی خودا بەدی هێنراوە! خودا دەیویست کە پەیوەندێکی قوڵ و سەرسوڕهێنەری هەبێت لەگەڵ مرۆڤ. لەبەر ئەوە بیرێکی چەسپاند لەناو گیانی مرۆڤ کە توانای ناسینی خودای هەبێ، و دلێك پێ بەخشی کە توانای خۆشەویستی خودای هەبێ، هەروەها ئیرادەیەك کە توانای بە گوێ کردنی خودای هەبێ.

پاشان، زانیمان چۆن خودا تاقیکردنەوەیەکی خستە پێش یەکەم پیاو و یەکەم ژن کە بەدی هێنابوون. خودا ئادەمی ئاگادارکردبووەوە و فەرمووی، (تۆ ئازادیت لە هەموو درەختەکانی باخچەکە بخۆیت، بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێ گومان دەمریت!) کە بەمانای: لە من جیا دەبیەوە تاهەتا!

بەهەرحاڵ، بینیمان چۆن باپیرە گەورانمان ئادەم و حەوا، هەڵیان بژارد بەگوی شەیتان بکەن و لە دارەکە بخۆن کە خودا لێیانی قەدەغەکردبوو. لە دەرئەنجامدا، ووشەی خودا دەفەرموێ: بەهۆی مرۆڤێک گوناه هاتە جیهان، بەهۆی گوناهیش مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە. (ڕۆما ٥: ١٢) ئای کە ڕاستە پەندی پێشینان کە دەڵێت (دەرد و بەڵا هەموو کەس دەگرێتەوە!) لەبەر گوناهی ئادەم، هەموومان گوناهبارین. لەبەر گوناهی ئادەم، هەموومان شایستەی مردنین و ڕووبەڕووی دادوەری خودا ببینەوە.

پاشان، فێربووین چۆن خودا ئادەم و حەوای لە باخچەی بەهەشت دەرکرد لەبەر گوناهەکەیان، بەڵام پێش ئەوەی دەریان بکات، خودا رایگەیاند کە چۆن پلانی هەیە رزگاری دەرێك بنێرێتە جیهان بۆ رزگارکردنی نەوەی ئادەم لە هێزی شەیتان و سزای گوناە. خودا، لە دیزاینە دڵ فرێنەکەی خۆی، پلانێکی هەبوو بۆ رزگار کردنی گوناهباران. پلانەکەی وابوو کە پیاوێکی تەواو بنێرێتە جیهان کەوا تووشی گوناهی ئادەم نەبوو بێ. ئەم پیاوە راستودرووستە بە ئیرادەی خۆی خوێنی خۆی دەرێژێ بۆ دانەوەی قەردی گوناهی نەوەکانی ئادەم. بەم شێوەیە، خودا دەتوانێ لە گوناهەکانی خەڵك خۆش بێت، بێ ئەوەی لە دادوەری خۆی دەرچێ. بەڕاستی، بەڵێنی خودا سەبارەت بە رزگاری دەری هاتوو بەڵێنێکی سەرسوڕهێنەر بوو!

پاشان بینیمان چۆن خودا ئەو بەڵێنە سەرسوڕهێنەرەی جێگیر کرد بە قوربانی کردنی هەندێك ئاژەڵ، و جل و بەرگی بۆ ئادەم و حەوا لە پێستی ئاژەڵەکان درووست کرد بۆ ئەوەی شەرمەزارییان داپۆشێ. خودا ئادەم و حەوای فێردەکرد کە سزای گوناە مردنە و هەروەها کە لێ خۆش بوونی گوناهیش بێ خوێن رشتن نابێ.

لە پاش ئەوە، دەربارەی یەکەم دوو کوڕی ئادەم فێر بووین، قابیل و هابیل. زانیمان چۆن هابیل بەرخێکی بێ عەیبی پێشکەش بە خودا کرد و سەری بڕی، بەو شێوەیە گوزارشتی لە رزگاری دەرەکە کرد کە دەهاتە جیهانەوە و لەباتی گوناهباران دەمرێ. دەربارەی قابیل، ئەو هەوڵی دا بە کردەوەی خۆی لە خودا نزیك بێتەوە و بەروبوومی دەستی خۆی پێشکەش خودا کرد. لەدەرئەنجامدا، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: جا هابیل و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند بوو. بەڵام قابیل و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند نەبوو. بۆچی خودا قوربانی قابیلی قەبوڵ نەکرد؟ لەبەر ئەوەی یاسای خودا نافەرموێ: (سزای گوناهی ئیشی چاکەیە!) بەڵکو دەفەرموێ: (سزای گوناە مردنە!) و (لێ خۆش بوونی گوناهیش بێ خوێن رشتن نابێ.) خودا داوای لە قابیل کرد کە تۆبە بکات و رێگای راستودرووستی قەبوڵ بکات کە خودا دایناوبوو، بەڵام قابیل زۆر توڕە بوو و هابیلی برا بچووکی کوشت.

زۆربەی نەوەکانی ئادەم بەدوای شوێن پێی قابیل کەوتن، بۆیە تا کاتی نوح، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە خودا خوداوەند بینی کە خراپەکاری مرۆڤ لەسەر زەوی زۆر بووە، هەروەها هەموو بیر و بۆچوونەکانی دڵیشی بە درێژایی ڕۆژ تەنها لەلای خراپەیە. لەبەر دڵی خراپی مرۆڤ، خودا مەبەستی ناردنی لافاوێکی هەبوو بۆ ئەوەی گوناهبارە یاخی بووەکان لەناو ببات. لەو چەرخە خراپەدا، تەنها نوح باوەڕی بە خودا هەبوو، لەبەر ئەوەش بوو خودا فەرمانی پێ دا کە کەشتییێکی گەورە درووست بکات، کە دەبێتە پەناگەیێك بۆ هەموو ئەوانەی دەچنە ناوی. خودا زۆر ئارامی لەسەر گوناهباران گرت کاتێ نوح خەریکی درووست کردنی کەشتییەکە بوو. بەڵام، کەس تۆبەی نەکرد و نەچووە ناو کەشتییەکەوە جگە لە نوح و خێزانەکەی.

نوح سێ کوڕی هەبوو، سام و حام و یافەت. پێغەمبەر ئیبراهیم لە نەوەی سامە. خوێندمانەوە چۆن خودا فەرمانی بە ئیبراهیم دا کە ماڵی باوکی بەجێ بێڵێ و بەرەو خاکی کەنعان بەرێ بکەوێ. خودا پلانی وابوو کە گەلێکی نوێ لە ئیبراهیم درووست بکات کەوا پێغەمبەرانی خودا و رزگاری دەری جیهانی لێوە بێت. بۆیە خودا بە ئیبراهیمی فەرموو، جا دەتکەم بە نەتەوەیەکی مەزن و بەرەکەتدارت دەکەم... هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش بە هۆی تۆوە بەرەکەتدار دەبن. (پەیدابوون ١٢: ٢، ٣)

بۆیە، ئیبراهیم لە تەمەنێکی گەورەدا بووە باوکی ئیسحاق، هەروەك چۆن خودا بەڵێنی پێ دابوو. ئیسحاقیش پاشان بووە باوکی یاقوب، یاقوبیش، کە خودا ناوی کرد بە ئیسرائیل، بووە باوکی دوازدە کوڕ. وە لەو دوازدە کوڕەی یاقوب ئەو گەلە نوێیە خودا بەڵێنی بە ئیبراهیم دابوو هاتە بوونەوە، گەلی ئیسرائیل.

لە سێ وانەی ڕابردووماندا، سەرنجی چیرۆکی سەرنج ڕاکێشی کوڕەکانی یاقوبمان دا، بەتایبەی ئەوەی ناوی یوسف بوو، کە یازدەهەمین کوڕ بوو. برا گەورەکانی یوسف ڕقیان لێ دەبووەوە، بەڵام خودا بەرەکەتداری کرد و کردی بە فەرمان ڕەوای هەموو خاکی میسر. پاشان، قات و قڕی کەوتە میسر و هەموو خاکی کەنعان، بووە هۆی تەند و چەڵەمەیەکی مەزن. لەدەرئەنجامی ئەوە، یاقوب و

کوڕەکانی هیچیان نەبوو بخۆن. کاتیٚ یاقوب بیستی کە دانەوێڵە لە میسر هەیە، کوڕەکانی نارد بۆ ئەویٚ. پاشان بینیمان چۆن یوسف خۆی بۆ براکانی ئاشکرا کرد و لێیان بورا و ناردی بە دوای باوکی و هەموو خێزانەکەی بۆ ئەوەی بار بکەن و لە میسر جێگیر بن. بۆیە، لە کۆتایی سیپارەی پەیدابوون، دەبینین کە گەلی ئیسرائیل چی دی لە خاکی کەنعان نەبوون کە خودا بەڵێنی بە ئیبراهیم دابوو، بەڵکو لە میسر بوون. بەڵام، ئەم هەموو شتانە ڕووی دا تاکو ئەو قسانەی خودا زۆر لەوە پێش بە ئیبراهیمی فەرموو بوو بێتە دی کاتیٚ فەرمووی: به دڵنیاییەوە بزانە کە وەچەکانت لە خاکێک نامۆ دەبن هی خۆیان نییە، دەبنە کۆیلەیان و چوار سەد ساڵ دەیانچەوسێنەوە. بەڵام ئەو نەتەوەیەش حوکم دەدەم، کە ئەوان خزمەتیان دەکەن. دوای ئەوە بە دەستکەوتێکی زۆرەوە دێنە دەرەوە.

خودا خۆی دەستی هەبوو لە هەموو ئەوەی بەسەر گەلی ئیسرائیل هات. بۆچی خودا وای کرد کە گەلی ئیسرائیل، نەوەی گەورەی ئیبراهیم، نیشتە جێی میسر بن، لە کاتێکدا بەڵێنی خاکی کەنعانی پێیان دابوو؟ لەبەر ئەوەی خودا نیازی وابوو شکۆمەندی و دەسەڵاتی خۆی نیشان بدات لەوەی بەسەر گەلی ئیسرائیل دێت لە خاکی میسر. خودا پلانی وابوو کە گەلی ئیسرائیل رزگار بکات بە هێزی بیٚ پایانی خۆی، تاکو هەموو کەس بزانی کە ئەو پاشای پاشایانە، پەروەردگاری پەروەردگارانە، بەهێزترینە !

ئێستاش، با دەست بە خوێنەوە بکەین لە یەکەم بەشی سیپارەی دەرچوون. نووسراوی پیرۆز دەفەرمویٚ:

(دەرچوون ١) یوسف و هەموو براکانی و هەموو ئەو نەوەیە مردن، [٧] بەڵام نەوەی ئیسرائیل بەردار بوون و زۆر زیاد بوون و زۆر
بەتواناتر بوون، خاکەکە پڕ بوو لەوان. [٨] ئینجا لە میسر پاشایەکی نویٚ هاتە سەر تەخت و یوسفی نەدەناسی. [٩] بە گەلەکەی وت:
(ئەوەتا نەوەی ئیسرائیل گەلێکن لە ئێمە زۆرتر و بەتواناترن. [١٠] وەرن با دانا بین، نەوەک زۆرتریش ببن و کاتێک بکەوینە جەنگەوە،
ئەوان بچنە پاڵ دوژمنەکانمان و دژمان بجەنگێن و لە خاکەکە دەربچن.)
[١١] ئیتر سەرکاری بێگاریان لەسەر دانان، بۆ ئەوەی بە بارگرانییەکەیان زەلیلیان بکەن، جا شاری عەمباریان بۆ فیرعەون بنیاد نا،
(پیتۆم) و ڕەعمسێس. [١٢] بەڵام هەرچەندە زەلیلیان دەکردن ئەوەندە گەشەیان دەکرد و بەربڵاو دەبوون، جا لەبەر ئەوە نەوەی
ئیسرائیل ترسیان لێنیشت. [١٣] ئیتر میسرییەکان بە زەبرەوە کۆیلایەتییان بە نەوەی ئیسرائیل دەکرد. [١٤] ژیانیان تاڵ کردن بە
خزمەتکارییەکی سەخت، بە قوڕکاری و خشت دروستکردن و هەموو کارێکی کێڵگە، هەموو کارێک کە پێیان دەکردن بە زەبرەوە
بوو.
[١٥] ئینجا پاشای میسر بە دوو مامانی ژنە عیبرانییەکانی وت، کە ناوی یەکێکیان (شیفرە) و ئەوی تریان (پوعە) بوو، [١٦] وتی: (کاتێک
مامانی ژنە عیبرانییەکان دەکەن و لەسەر بەردەکان تەماشایان دەکەن، ئەگەر کوڕ بێت بیکوژن، ئەگەر کچیش بێت با بژییێت.)
[١٧] بەڵام مامانەکان لە خودا ترسان و ئەوەیان نەکرد کە پاشای میسر پێی وتبوون، هێشتیان کوڕەکان بژین. [١٨] دواتر پاشای میسر
مامانەکانی بانگ کرد و پێی وتن: (بۆ چی ئەمەتان کردووە؟ بۆ هێشتتان کوڕەکان بژین؟) [١٩] مامانەکانیش بە فیرعەونیان وت:
(چونکە ژنە عیبرانییەکان وەک ژنە میسرییەکان نین، ئەوان گورجوگۆڵن و پێش گەیشتنی مامان منداڵیان دەبێت.)
[٢٠] خوداش لەگەڵ مامانەکان باش بوو. گەل زۆر و بەتوانا بوون. [٢١] ئەوە بوو کە مامانەکان لە خودا ترسان، ئەویش کردنی بە خێزان.
[٢٢] ئینجا فیرعەون فەرمانی دا بە هەموو گەلەکەی و وتی: (هەموو کوڕێک کە بۆ عیبرانییەکان لە دایک بێت فڕێی بدەنە ناو نیلەوە،
هەموو کچێکیش با بژییێت.)

ئالێرە یەکەم بەشی سیپارەی دەرچوون تەواو دەبێت. بە پشتیوانی خودا بۆ وانەی داهاتوو، دەچینە ناو ئەم چیرۆکە نا ئاساییە و دەبینین چۆن خودا بانگی پیاوێکی کرد و ئامادەی کرد بۆ ئەوەی گەلی ئیسرائیل ڕزگار بکات لە دەستی فیرعەون، پاشا خراپەکەی میسر. ناوی ئەم پیاوە دەزانی؟ بەڵیٚ، موسایە — پێغەمبەری خودا موسا.

(هەرچی لەپێشا نووسراوە، بۆ فێربوونمان نووسراوە، تاکو بە دانبەخۆداگرتن و هاندانی نووسراوەکان هیوامان هەبێت.) (ڕۆما ١٥: ٤)



©

## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. یەکەم ئایەتی سیپارەی پەیدابوونت لەبیرە؟
٢. بۆچی خودا قوربانی قابیلی قەبوڵ نەکرد؟
٣. بۆچی خودا وای کرد کە گەلی ئیسرائیل، نەوەی گەورەی ئیبراهیم، نیشتە جێی میسر بن، لە کاتێکدا بەڵێنی خاکی کەنعانی پێیان دابوو؟
٤. وانەی داهاتوو دەبینین چۆن خودا بانگی پیاوێکی کرد و ئامادەی کرد بۆ ئەوەی گەلی ئیسرائیل ڕزگار بکات لە دەستی فیرعەون، پاشا خراپەکەی میسر .ناوی ئەم پیاوە دەزانی؟

ێگای ڕاست و دروستی:
وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای راستودروستی
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org